دابەشکردنی مووچەی مانگی دوو لە هەرەمی کوردستان دەستپێدەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە، دابەشکردنی مووچەی مانگی دووی ئەمساڵ لە هەرەمی کوردستان دەستپێدەکات.

بەپێی ئەو خشتەی دابەشکردنی مووچە کە دوێنێ چوارشەممە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرەم بە دابەشکردنی مووچەی مانگی شوبات بڕاویکردووەتەوە، ئەمڕۆ پێنجشەممە 13ـی 3ـی 2025، مووچەی خانەنشینانی شارستانی، هەروەها خاوەن پێداویستیی تایبەت و زیندانییە سیاسییەکان و بەرکەوتوانی کیمیاباران دابەشدەکرێت.

هەر بەپێی لیستەکە، ڕێژانی هەینی و شەممە و یەکشەممە مووچە دابەشناکرێت و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی دیکە لەدوای 16 مانگ مووچە وەردەگرن، ئەمەش لەکاتێکدا تاکوو ئێستا حکومەتی هەرەم مووچەی مانگی 12ـی ساڵی ڕابردوو دابەش نەکردووە.